نەردەی تایبەتی ئەمریکا جەخت لەسەر بەهێزکردنی هاوکاری ستراتیژی لەگەڵ عێراق دەکاتەوە

مارك ساڤایا نەردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە عێراق ئەمڕۆ یەکشەممە، لە یەکەم لێدوانیدا دوای وەرگرتنی پێستەکەی پابەندبونی تەواوی خۆی بۆ پتەوکردنی هاوبەشی نێوان بەغدا و واشنتن دوپاتکردەوە.

لە وەڵامی پەیامەکەی سەرۆکی ئەمریکا سەبارەت بە دەستنیشانکردنی وەك نەردەی تایبەتی لە عێراق، مارك ساڤایا ڕایگەیاند، "هەست بە گەورەیی و شەرەفمەندییەکی زۆر دەکەم و سوپاسگوزاری بۆ سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەردەبڕم کە منی وەك نەردەی تایبەت بۆ کۆماری عێراق دەستنیشانکرد".

ئاماژەی بەوەشکرد، "پابەندم بە بەهێزکردنی هاوبەشی نێوان ئەمریکا و عێراق لەژێر سەرکردایەتی و ڕێنمایی سەرۆك ترمپ"، سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ سەرۆکی ئەمریکا دەربڕی.

ئەمڕۆ دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا ئەمڕۆ یەکشەممە، مارك ساڤایای وەك نەردەی تایبەت لە عێراق دەستنیشان کرد.